The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## له په‌راوێزی واژۆ كۆكردنه‌وه‌كه‌دا ـ 5 ـ

وه‌رن باكوردستانی سه‌راب، بكه‌ینه حقیقه‌ت .

ئای كه چه‌ند بارگرانیه كاتێك مرۆڤ له هه‌وڵی به‌ئه‌نجام گه‌یاندنی كارێكه و به‌ڵام كه‌س پێی نه‌زانێت . نه‌ته‌وه‌ی كورد وا بۆ چه‌ند سه‌ده ده‌چێت له هه‌وڵ وخه‌باتی به‌رده‌وامدایه بۆ گه‌یشتن به ئاواته‌كانی كه یه‌كێكیان، بنیاتنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆیه وه‌ك هه‌رنه‌ته‌وه‌یه‌كی تری سه‌ر ڕووی ئه‌م زه‌مینه . بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش به‌رده‌وام ئاماده‌ی خۆبه‌خشینه.

زۆرجار ئێمه گله‌ی و گازنده‌ی گه‌لان ده‌كه‌ین كه بێ هه‌ڵوێست بوون له‌به‌رامبه‌رماندا . زۆرجار به‌هانه بۆ شكسته‌كانی خۆمان ده‌هێنینه‌وه و ده‌ڵێن چوارده‌ورمان به‌دوژمن گیراوه و به‌رژه‌وه‌ندی هێزه‌گه‌وره‌كان له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا جووت نیه . به‌رده‌وام خۆمانمان له چاوڕوانیدا هێشتوه‌ته‌وه و چاوه‌ڕێی چاوی به‌زه‌ی و ڕه‌حمی ده‌ره‌وه‌ین تا ڕوویه‌كی باوكانه‌مان بۆ وه‌رگێڕن و ئاهێك به سینه‌ماندا بهێننه‌وه .

نه‌مانده‌زانین ئه‌وه‌ی كه خۆمان له‌سه‌ر خۆمانی نازانین و ئه‌وه‌ی كه ڕۆژێك له ڕۆژان بوێر نه‌بووین له ژێر لێوه‌وه‌ش بی دركێنین، كه‌چی كچان و كوڕانی كرواتیا (Kroatien) زۆر ئازایانه و له‌ناو ده‌یان نه‌ته‌وه‌ی جیاجیادا و له‌به‌رده‌م پارله‌مانی سویسرادا بانگه‌وازی بۆ ده‌كه‌ن و به‌زمانی كوردی هاوار ده‌كه‌ن ( بژی كوردستان ، بژی كوردستان ) ، ئه‌گه‌ر چی به به‌پێستی لووس و پرچی ئاڵتونی و چاوی بریقه‌داری سه‌وزیانه‌وه هیچ له كورد ناچن ، به‌ڵام شێوازی ده‌ربڕینه‌كه‌یان ده‌ڵێیت له له‌دایك بووی شاره خنجیلانه‌كه‌ی بانه‌ن . نزیك بوینه‌وه‌لێیان و ووتمان ئێوه كوردن؟ . ووتیان نه‌خێر به‌ڵام هاوڕێی كوردمان زۆره و ئه‌م دوو ووشه‌یه‌ك چێژێكی موزیكی خۆشی هه‌یه ، ئه‌گه‌ر ڕۆژێكیش تیمی

تۆپی پێی كوردستان به‌شداری یاریه‌كانی جیهانی كرد، ئاڵای كوردستان له‌به‌رده‌كه‌ین و هاوارده‌كه‌ین بژی كوردستان .

كیژێكی شۆخ وشه‌نگ، ڕوویكرده ئه‌وكه‌سانه‌ی خه‌ریكی واژۆكردن بوون، چه‌ند ووشه‌یه‌كی به‌زمانی كرواتی ووت و پاشان ڕوویكرده ئێمه و ووتی ( ئێوه بۆ ته‌نها جارێك بانگه‌وازی ده‌وڵه‌تی كوردستانتان كردوه تا بزانن هه‌ڵوێستی كۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی چی ده‌بێت ؟ . پێش هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی یه‌گۆسلاڤیا جێمس بێكری ئوئسئا (USA) ووتی به هیچ شێوه‌یه‌ك ڕێگا به له‌تكردنی یه‌گۆسلاڤیا ناده‌ین ، كه‌چی خۆیان یه‌كه‌مین ووڵات بوون دانیان پێدانا ،، ئه‌م هه‌ڵوێسته‌شیان ئه‌م ساڵ له‌به‌رامبه‌ر كۆسۆڤادا دوباره بویه‌وه ، مه‌ترسێن، خۆتان به واژۆكۆكردنه‌وه خه‌ریك مه‌كه‌ن ، بڕۆن بڕیاری خۆتان بده‌ن) . ووتمان ناوت چیه و چ كارێك ده‌كه‌یت ؟. ووتی ناوم ڤالێریژا و خوێندكاری به‌شی مێژووم .

چونكه ئێمه بێبه‌شین له ئازادی، به‌و ووشانه چاوه‌كزه‌پڕله هیواكانمان خۆی بۆ نه‌گیرا و له‌گه‌ڵ خۆیدا قوڵپی گریانی په‌ڕانده ناو گه‌رومانه‌وه، بۆ شاردنه‌وه‌ی خۆمان دوورخسته‌وه و له پشتی یه‌كێك له پایه پان و به‌رزه‌كانی به‌رده‌م په‌رله‌ماندا خۆمان حه‌شاردا تا هێور بوینه‌وه .

















[www.chak.info](http://www.chak.info) chak.org@gmail.com chak.schweiz@hotmail.com